www.kurdistannet.org
22:23 5-2-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئازادی و سنورەکانی! ... باوکی بەهەند

سوید

زۆرن ئەوانەی کە بانگەشەی ئازادی لێدەدەن بەبێ ئەوەی رێز لە بچوکترین بنەمای ئەو بەهایە بگرن، کە پێشێل نەکردنی ئازادییەکانی بەرامبەرە، ئازادی رادەربڕین کاتێك بەنرخ و جوانە کە لە سەر حسابی کەسانی تر نەبێت، نەك دەستدرێژییەك بێت بۆ شعورو هەستی ملیۆنەها مرۆڤ، کە ئەو هەستە تێکەڵی رۆح و خوێنیان بووە. ئازادی رادەربڕین لە هەموو کۆمەڵگایەك سنورو مەرزی تایبەتی خۆی هەیە، گەر بێت و ئەو هێڵە سورانەی سنوری بەزاند، ئەوکات بەهای ئەو ئازادییە پێچەوانە دەبێتەوەو کاردانەوەیەکی نێگەتیڤ لە پاش خۆی بەجێ دێلێ! بەڵام ئەوەی سەیرە لەلام ئەوەیە ئایا ئازادی مافی کێیەو خودی ئازادی لە چ بازنەیەکدا دەسورێتەوە؟

ئایا ئازادی سنوردارەو تەنها موڵکی چەند کەسانێکە، یاخود دەتوانین بە یەکێك لە مافە سەرەتاییەکانی هەموو مرۆڤێکی بژمێرین، لێرەشەوە دەتوانین لەوەبگەین ئایا من وتۆ لە ئازادیدا بەشمان چەندە؟ ئایا بەزاندنی سنوری بەرامبەر خاڵێکە لە بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی بیرو را (حریە تعبیر) ؟! ئایا بریندارکردنی هەستی رۆحی سێیەکی دانیشتوانی گۆی ئەم زەوییە لەکام فەرهەنگی ئازادیدا جێگەی دەبێتەوە؟! ئەگەر وایە دەتوانین لەهەمان روانگەوە کاردانەوەی بەرامبەر بە هەمان پێوەری ئازادی ناوزەد بکەین. ئەوەی جێی داخە ئەوەیە هەر کەسێك بە رەچاوکردنی هەلومەرجی خۆی پێناسەی ئەم ئازادییە دەکات، بەبێ خوێندەوەی بەرامبەرو جیاوازی کلتورو ئاین و بەها پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا جۆراو جۆرەکان!

هەر بە پێی بنەماو یاساکانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ کە لەچەند مادەو برگەیەکدا زۆر بە روونی ئاماژە بەوە دەکات کە ناوزراندن و بوختان و بریندارکردنی کەرامەت و هەستی ئاینی و نەتەوایەتی هەموو تاکێك قەدەغەیە و پێێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە، ئەگەر تەماشای وڵاتێکی وەکو هندستان بکەین ئەبینین خەڵکانێك مانگاو مشك دەپەرەستن و بۆتە یەکێك لە پیرۆزییەکانیان، بۆ هیچ کەسێ نایەت تانەو توانجیان تێ بگرێت و بریندایان بکات؟چ جای خودی پەرەستنی مانگاو بەڵکە پیسایی مانگاکەش بە پیرۆز دەزانن، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ هەموو موسوڵمانانی جیهان هەستیان بریندار کرا لە لایەن رۆژنامەی جیلاندس پۆستن jylland- Posten ی دانیمارکی لە رێگەی چەند وێنەیەکی کاریکاتێری لە سەر پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) کە خۆشەویسترین و پیرۆزترین کەسە لەلای هەموو موسوڵمانێکی باوەڕدار، دەرئەنجامی کاروکردەوەیەکی لەم چەشنەیە کە دیاردەی تیرۆرو توندو تیژی بەرهەم دێنێت، هەر چەند دیموکراسی و بنەماکانی باشترین ئالیەتە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات و یاساو مافەکانی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەش کە بۆتە مۆدێلی ئەم سەدەیە لە جیهاندا، بەڵام ئەبێت لە خاڵی ئازادی رادەربڕین سنورێك بۆ ئایدیا جیاوازەکان بهێڵێتەوەو زۆر بە حەکیمانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دەستەواژەیە بکات،

دووریش نیە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەنجامی ئەم سوکایەتیەی کە ئاراستەی موقەدەساتی مرۆڤەکان دەکرێت، یاسایەکی تۆکمە داڕێژن بۆ ئەوەی دەسدرێژی نەکرێتە سەر هیچ ئاینێك، وەك چۆن جوولەکەکان لە ئەنجامی ئەو قەتڵوعامەی بەرامبەریان کرا لە لایەن نازییەکانی ئەڵمانیاوە، دوایی ئەو کارەساتە توانیان فشارێکی گەورە بخەنە سەر

وڵاتانی بڕیار بەدەست، بۆ ئەوەی یاسایەکی وا بنوسرێت لە وڵاتانی ئەورپی کە هیچ دامودەزگایەکی میدیاو ڕۆژنامەوانی بۆی نەبێت بە شێوەیەکی خراپ باس لە ڕەگەزی (سامییەت) بکات لە وڵاتە ئەوروپیەکان، زۆر زیرەکانە توانیان ئەم یاسایە بچەسپێنن لە ئەمریکاو ئەوروپا. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە موسوڵمانانی جیهان داوای دەرچوونی یاسایەکی لەو جۆرە بکەن لە نەتەوەیەکگرتوەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کە نابێت چیتر دەسدرێژی بکرێت بۆ سەر ئاین و بەها پیرۆزییەکانی مرۆڤ، فشارو هەڵوێستێکی لەم جۆرە کاریگەری زۆر باشترە لەوەی پەنا بۆ کاری توندو تیژی بەرن.

ئەم ڕووداوە چ جای کاریگەری خراپی رۆحی بۆ سەر ناخی موسوڵمانان بەجێهێشت، ئاواش کاریگەرییەکی نەگەتیڤانەی ئابوری لەسەر کۆمپانیاکانی دانیمارك بەجێ دەهێڵێت، کە زیانی ڕۆژانەی خۆی لە چەندین ملیۆن دۆلار دەدات، بە هۆی ڕاگرتنی کڕین و فرۆشتنی شتوومەکی دانیمارکی لە وڵاتانی ئیسلامی، کە رۆژانە بە سەدەها ئیمێل بۆ 25 ناوەندی تیجاری دانیمارك بەرێ دەکرێت لە مەڕ ئەو ڕووداوە،

هەر پاش ئەو ڕووداوە زۆرێك لە نووسەران و زیاتر لە دەیان سیاسەتمەداری دانیمارکی ڕەخنەیان گرتووە لەو وێنانەی کەبڵاو کراوەتەوە، یەکێك لەو سیاسەتمەدارەی دانیمارك (ئوفە ئۆلمان) کە وەزیری پێشوی دەرەوەی دانیمارك بووە: کە ئەم کارو کردەوەیە بە کارێکی ناشایستە وەسف کرد و ئاماژەی بە ئازادی ڕادەبڕین دا، بەڵام بە مەرجێك نەبێتە هۆی ئازاردانی خەڵکانێك لە سەر بیرو باوەڕیان، وە ڕۆژنامەی جیلاندس پۆستنی تاوانبار کرد بەوەی هیچ ئەقڵانییەتێك لە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە نابینم، کە ببێتە هۆی دروستکردنی گفتوگۆکان.